

لەساڵی (١٩٨٩) دا خاڵی وەرچەرخان ئەو کاتە دروستبوو، کە کارمەندانی تەلەفزیۆن رایانگەیاند کە ئامادە نین بەرنامە پێشکەشبکەن تا ئەو کاتەی رێگەیان پێدەدرێت کە واقعی رووداوەکان وەك خۆی راستگۆیانە بگوێزنەوە بۆ بەرچاوی کۆمەلانی خەلك، تەنانەت تایپێستەکانی رۆژنامە کۆمۆنیستیەکان هەرەشەی مانگرتنیان کرد و مەرجیان ئەوە بوو بۆماننەگرتن، کە رێگەیان پێبدرێت راستیەکانی رووداوەکان لە رۆژنامەکان بلاوبکەنەوە. لەهەردوو بارەکەدا،

گۆڤارێکی فکرییە سێ مانگ جارێک دەردەچێت
ژمارە (٣٧)
شوباتی ٢٠١٣ ساڵی هەشتەم



# دەسپێك و کۆتایی تۆتالیتاریزم

ئیڤان کلیما
لە فارسییەوە: عەلی بیروەندی

کاتێك رووداوە شۆرشگێرییەکان لەساڵی (١٩٨٩) دا دەبووە هۆی سەرلە نوێ چاکسازی وبنیادنانەوەی سیستمی دیموکراتی لە چیکۆسلۆڤاکیا، لە هاوشێوەیی وئەو لێکچوونە باوەرپێنەکراوەی ئەو کودەتایەی کە بووە هۆی هاتنە سەر کاری رژێمی کۆمۆنیستی لەساڵی (١٩٤٨)، لەگەل ئەمەی ساڵی (١٩٨٩)، سەرسام بووم. لە هیچ یەکێك لەم دوو رووداوەدا کارەساتی خوێناوی نەقەوما، چارەنووسی ولات لە گۆرەپانە سەرەکییەکانی شاردا یەکلایی دەکرایەوە، ئەو جێگەیەی کەلە ساڵی (١٩٤٨)، خۆپیشاندانی گەورەی بەدروشمی کۆتایهێنان بە دیموکراتی تیا بەرپا کرا، (٤٠) سال پاش ئەوە دروشمەکان لەپێناوی کۆتایی هێنانە بە تۆتالیتاریزم.

لەهەردوو بارەکەدا، یەکێك لەچارەنوسسازترین فاکتەری سەرنگونکردنی رژێمی دەسەلاتدار، ئەو رۆل بینینە بوو کە راگەیاندنەکان دەیانگێرا، لەساڵی (١٩٤٨)تایپێستەکان لە نوسین بۆ رۆژنامەکانی دیموکراتەکان مانیانگرت و کۆمۆنیستەکان دەستیانگرت بەسەر رادیۆیدا (ئەو کاتە هێشتا تەلەفزیۆن بوونی نەبوو )، لەئەنجامدا رادیۆ و رۆژنامەکان تەنها راگەیاندنێك بوون، کەدەیانتوانی لەساتە چارەنووس سازەکان کاریگەر بن لەسەر بیروڕای خەلکی وبارەکە بەلایەکدا بخەن .

حکومەتەکانی کە ئەو کاتە دەسەلاتدار بوون لەماوەی چەند رۆژێك کۆتاییان پێهات.

روخانی رژێمە تۆتالیتارییەکان بەچەپ وراستەوە لەماوەی چەند دەیەی رابردوودا، رەنگە ئێمە لەدەرەنجامی ئەو گەشبینییەوە بخاتە سەر ئەو راستە رێگەیەی کە ئەم رژێمانە بەجۆرێك لەجۆرەکان لە مرۆڤەکان ودیدگاکانیان نامۆ ببوون وتەنها لەغافلگیری مێژوودا پەیدا ببوون. لە راستیدا زۆر کەس خۆبەخۆ ئارەزووی دروستبوونی سیستم وحکومەتێکی بەهێز دەکەن، کە حکومەتە تۆتالیتاریەکان نۆبەرەکانیان بوون.

دەربارەی ئەو حەز وئارەزووەی کە هاوولاتیان بۆ بەرقەراربوونی سیستمێکی تۆتالیتار لە ولاتەکەی مندا لەماوەی (٤٠) ساڵی رابردوودا نیشانیاندا، من پێشتر زۆرم لەسەر نووسیوە، ئێستاش ئەو جۆش وخرۆشە سەرکێشەی لەکاتی هاتنەسەرکاری هیتلەرم لەبیرە لەئەلمانیا. نیوەی یەکەمی سەدەی رابردوو دەریخست کەرژێمە تۆتالیتارییەکان چۆن دەتوانن کۆمەلگەیەك یان میللەتێك بەتەواوی بۆ خۆیان رابکێشن وگەوجیان بکەن. خۆشەویستی ئەم رژێمانە بەرەنجامی کۆمەلێك بەلێنی بێ بنەما ویوتۆپیایی وفریودەرانەیە.

لەدیدی ئەو مرۆڤانەی کە رۆژانە دەست وپەنجە لەگەڵ گرفتاریەکانی رۆژگاردا نەرم دەکەن، ئەم رژێمانە ئامانجێکی گەورەیان خستبووە ئەستۆی خۆیان، لەگەڵ بوونی سەرکردەیەکی کاریزمایی کەبریار بوو ئەوان لەدۆخی لارو سەنگی بریاردان، بەرپرسیارێتی و مەترسی رزگار بکات، سەرەرای ئەمانە گەل بەرەو ئامانجێك رێنمایی بکات، کەمانایەکی هەبێت بۆ ژیانیان. زۆر لە لایەنەکانی رژێمی تۆتالیتاری لەقۆناغی دەستپێکدا دروستبوونیان بەس رووکەش بوو. لێبراوانەبوون، شەفافیەت لەبەرنامەی کارداو ئەو توانایەی بۆ چارەسەرکردنی ئاستەنگەکانی ناو رژێمێکی دیموکراتی بەپێی ئەو هەلومەرجەی کەهەیە، بەو ئاسانیە مایەی چارەسەرکردن نییە. رژێمی تۆتالیتاری هەرکە هاوولاتیانی ئاست مامناوەند لەخۆی بێزار دەکات، دەست بەجێ لەناویان دەبات و دەستدەکات بەئەنجامدانی کۆمەلێك رێکار کە بەتوندی ئەو هاولاتیانە دەخاتە ژێر چاودێرییەوە. رژێمی تۆتالیتاری ئەو خۆراکەی کەلە ماوەی گەیشتنی بەدەسەلات دەستی بەسەردا گرتووە یان دزیویەتی، دووبارە دەیدات بەهاوولاتیان، و ئەوانەی کە دژایەتی ئەم رژێمە دەکەن، دەیانترسێنی یان زیندانیان دەکات یان دەیانکوژێت و بەم شێوەیە تەبایی ویەکێتی نەتەوەیی وەك سیناریۆیەك نمایشدەکات. لەیەکەم روانیندا بەم رژێمە توانایەکی جادویی هەیە، ئەم بەهێزبوونە بەخۆپیشاندان وبۆنەو ئاهەنگە پر شکۆکان زیاتر وزیاتر دەکات. رژێمی تۆتالیتاری، لەسەرەتای رۆژەکانی هاتنە سەرکاری بەراستی بەو هۆیەوە بە خاوەن دەسەلات وتوانا دێتە بەرچاو، کەچین وتوێژەکانی کۆمەلانی خەلك پشتیوانیان لێدەکرد، ئەوەش بەشێوازێکی یەکدەست ویەکگرتوو، بەلایەنی کەم بەس بەروالەت ورووکەش. بەدرێژایی تەمەنی نەوەیەك یان دوو نەوە کەرژێمێکی والەناوچوو، بۆچی نەوەکان ئارەزویان دەکرد بگەرێنەوە سەر هەمان دیموکراتی پێشووتر، کەباوك وباپیرانیان بەوپەری راشکاوانە پشتیان تێکردبوو؟

رژێمی تۆتالیتاری هەمیشە شوێنکەوتەی یەکریزی ویەکێتییە ، چونکە هەرچیەك بێ ، ئەمە لەزات وماهیەتی رژێمی تۆتالیتاریدا هەیە. چی لەرووی ئایدیۆلۆژیاوە بێ و چی لەرووی مەدەنیەوە، ئەم یەکریزییە لەزاتی (پێشەوا وسەرکردە) دا دەگەشێنێتەوە، دامەزرێنەر، بەدیهێنەر، تەباپێخواز، سەرکردە نەك تەنها هەیکەلی ئامانجەکانی تۆتالیتاری، بەلکو هەیکەلی ئەو رابوونەیە کەئەم بیرۆکەیە دەژێنێت.

لەقۆناغی یەکەمدا، بەهۆی کەسایەتی سەرکردەو داروەدستەکەیەوە (ئەو کەسانە ئەو داروەدستەیەن کە توانیویانە سەرکردە والێبکەن کەهاوولاتیان شوێنی بکەون وبەبرِوای تەواوەوە لەسەر کورسی دەسەلات دایبنێن).

تۆتالیتاری بە روالەت پایەدار دێتەبەرچاو، رژێمێك کەسیستمی کۆنی وەلاناوە ویاسا ورێساکانی سریوەتەوە، بەلام بنەمای سەرەکی تۆتالیتاریزم ئەوەیە، کەهەمو توانای پێ ببەخشن، لەژێر چەتری یەك بیرورا، لەژێر بالی یەك سەرکردە کە هێمای دەسەلاتە دەگەن بە یەکریزی ویەکێتی ، لەبەر ئەوەیە کەهەر رژێمێکی تۆتالیتاریش لەناوبردنی کەسایەتیەکانی کردوە بەیەکێك لەئامانجەکانی (تەنها کەسایەتی سەرکردە نەبێت، چی وەك تاکە کەسایەتیەك، چی وەك دەستەیەك لەسەرکردە).

رژێمێك کە لەیەکەم نیگاوە بەرژێمێکی پایەدار دەهاتە بەرچاو، گۆرا بۆ رژێمێکی گەندەل ودەستەوەسان ، تۆتالیتاری بۆ گروپێك یان هەر کەسایەتیەك کەخۆی بەباشی دەزانێت، پروپاگەندەی بۆ دەکات وئەوانی تر کەملکەچی ئەو تاکە کەسە نابن لەناودەبات، کەواتە دەکەوێتە ناکۆکی نانەوە، نەك تەنها بۆ خواستەکانی تاك، بەلکو بۆ خواستەکانی کۆمەل بەگشتی ، لەکۆمەلگەی مۆدێرندا بەتایبەتی، نەك تاکەکان یان توانای زۆرینە ، بەلکو بگرە ناوەندی بریاردەری دەسەلاتیش ناتوانن رێگەچارە بۆ کێشە کەلەکەبووەکان بدۆزنەوە، دیارە لەسەرەتای بەدیهێنانی سەرکەوتنەکان، هەر کۆمەلگەیەکی تۆتالیتاری دەکەوێتە ناوگێژاوی قەیرانەوە، کە کاریگەرییان دەبێت لەسەر لایەنە جوانەکانی ژیانی تاکەکان، ئەم قەیرانە لە سەرەتا لەناوەندە مەعنەوییەکان دەردەکەوێت، دەسەلاتی تۆتالیتاری رێگە نادات، کە بیروراو ئایدیای جیاجیا سەرهەلبدەن، لەبەر ئەوەش رێگەنادات باس وگفتوگۆیەکی کراوە ئەنجام بدرێت، لەرژێمە تۆتالیتاریەکان چالاکییەکانی بیروهۆش شتێکی مەحالە، تەنانەت تاکەکان بەدەر لەوەی لەناخیاندا هەیە، ناچارن خۆیان نەریتە رەسمییەکان رێك بخەن ، کۆت وبەند هەیە کەناهێلێ کەسایەتی کاریگەر لەناو تاکەکاندا پەروەردە بکرێت . ئەو ژینگەیەی کەجەستەو بیری مرۆڤ تیایدا چالاکی ئەنجامدەدات، بەر تەسکتر وتەسکتر دەبێتەوە.

ئەوانەی کەهەولدەدەن لەبەرامبەر گۆرانکاریەکی وادا بەرگری لەخۆیان بکەن، زیاتر وزیاتر دەبن، ئەوانە نارەزایەتی دەردەبرن وخوازیاری گۆرانکارین، رژێمی تۆتالیتاری بەرامبەر بەو داخوازیانە یەك وەلامی هەیە، ئەویش تەنها بەرامبەر نارەزایەتی بەزۆر ملکەچ دەکات.

بۆیە کەحکومەتە تۆتالیتارەکان بەبێ بوونی پۆلیسی سیاسی، دادگاییکردنی سەرەرۆیانە، سزا نایاساییەکان، ئۆردوگا زۆرەملێکان ولەسێدارەدانی مرۆڤەکان ناتوانن هەلبکەن.

لە رژێمی تۆتالیتاریدا، لەکاتی پێگەیشتنیدا ژمارەی دەست وپێوەندوئەلقەلەگوێکان لەسەرتاسەری کۆمەلگەروولەزیادبوونە ، ئەم ئەلقە لەگوێیانە تەنها هۆکاری پشتیوانیکردنیان بۆ ئەم رژێمە لەسۆنگەی حەز وخۆشەویستییەوە نییە، بەلکو مەسەلەی

گۆڤارێکی فکرییە دوومانگ جارێک دەردەچێت
ژمارە (٣٧)
شوباتی ٢٠١٣ ساڵی هەشتەم



ترسە وادەکات پاڵپشتی ئەم رژێمە بن. کاتێك هاووڵاتیانی هەلپەرست ، ئەو ئەلقە لەگوێ و دەست وپێوەندانە ژمارەیان لەزیاد بووندایە، ئەو دەمەی کەئەنجامەکانی هەڵبژاردن بەشێوەیەکی یەکلایکەرەوە بەسوودی رژێم دەبێت ، جائەو کاتە بەشێوەیەکی هاودژ رژێم کەم کەم درزی تێدەکەوێت.

بەهۆی خاووخلیچکی لەکاردانەوەدا ئەم قەیرانە بەخێرایی لەناوەندی فیکرییەوە تەشەنە دەسێنێ وهەموو ناوەندەکانی تری ژیان دەگرێتەوە. قەیرانەکە بەرۆکی ئابووری، پەیوەندی مرۆڤەکان وهەلسوکەوتیان دەگرێتەوە ولەکۆتایدا لەچەند مەسەلەیەکی وەکو ئالوودەبوونی ئاووهەوا کەهیچ کەسێك ناتوانێت بەرپرسیارێتیەکەی بخاتە ئەستۆی خۆی رەنگدەداتەوە. دەسەڵاتی تۆتالیتاری بەئاسایی رەتیدەکاتەوە کەقەیران هەبێت و هەوڵدەدات بەسوودی خۆی بەکاری بهێنێت، هەوڵدەدات ئەوەی تائێستا پێویستیەکی ئاسایی مرۆڤ بووە بەئیمتیاز لەقەڵەم بدات. جا ئەو کاتە بەرتیل بەهاووڵاتیان دەدات ، مافی شوێنی نیشتەجێبوون ، مافی خۆراك، تەندروستی ودەرمان، زانیاری بێ سانسۆر، مۆڵەتی سەفەر، پەروەردەو فێرکردن وەك ئیمتیازێك دەدات بە هاولاتیان. چوون رژێم هەموو شتێکی کردوە بەئیمتیاز، هەموو شت دەبێتە ئامرازێك بۆ گەندەڵبوونی مرۆڤەکان. رژێم هۆشیاری مرۆڤەکان وبروا بەخۆ بوونیان لەناو دەبات. بەتایبەت ئەوەی کە ئەم قەیرانە چەندە قووڵتر و هەرەسهێنانی کۆمەڵگە چەندە خێراتر بێت ، (نۆمان کلاتۆرا) ، واتا توێژێکی کەمی مرۆڤەکان کە ئیمتیازاتی تایبەتیان پێدەدرێت ، بەرفراوانتر دەبێت، ئەو کاتە ئەندامانی (نۆمان کلاتۆرا) ، لەئاستێکدا ئەبن لەسەرووی رەخنە ولەسەرووی یاساوە. ئەوان دەتوانن هەستن بەکارێك کە کەسانی ئاسایی ناتوانن ئەنجامیبدەن، تەنانەت دەتوانن تاوان ئەنجام بدەن. ئەم دەستە ئیمتیاز پێدراوانە بەدەر دەبن لەرەفتاری جوانی مرۆڤانە ودەبنە توێژێکی گەندەڵ، قەڵەو ومشەخۆر کەلەخزمەتی دەسەلاتدا دەبن، چونکە رژێم دەسەلاتیان پێدەدات وگرنگترین پلە وپایەیان پێدەبەخشێت، ئەمانە هەمان ئەو کەسانەن کەلە هەموو کەس زیاتر قەیرانە کۆمەڵایەتییەکە قووڵتر دەکەنەوە وبەرەو سستی وبێ توانایی ورژێمی تۆتالیتاری دەبەن.

(نۆمان کلاتۆرا)، ئامادەنیە لەریزەکانی خۆیدا کەسایەتی بەرجەستە وکاریزمایی بەرهەمبهێنێت. ئەگەر رژێم لەدوای مردنی سەرکردە، یاخود نەوەی دەسەڵاتدارانی پێشوو لەحوکمرانی بەردەوام بێت ولەناونەچێت، حکومەت دەکەوێتە دەستی (کەسە گەندەلەکان) کەبەخێرایی کۆمەڵگە بەرەو دارمانێکی قووڵدەبەن، ئێمە ئەم دیاردەیەمان لەهەموو ولاتانی ئەوروپای خۆرهەلات وناوەند بەچاوی خۆمان بینیوە. دەسەلاتدارانی ئەو ولاتانە کەسانێکی ئەوەندە بێ توانا بوون، کە نەك تەنها نەیانتوانی کارێك بۆ رزگارکردنی رژێمەکەیان بکەن، بەڵکو شتێکی ئەوتۆیان پێ نەبوو، کۆمەڵگە لەخۆیان رازی بکەن، لەبەرئەوە چیتر دەسەلاتێکی جگە لە روالەتی زیاترپان پێ نەبوو . رژێمی تۆتالیتاری بەدروشمی باشترکردنی کۆمەلگە وژیانی هاوولاتیەکانی دێتە سەر عەرشی دەسەڵات، بە وێرانکردنی سیستمەکە و رەوشی ژیانی کۆمەڵگە، دەسەلاتەکەی لەدەستدەدات. بەم شێوەیە ژیانی زۆرینەی خەڵك خراپتر دەبێت، کۆتایی رژێمە تۆتالیتارەکان چی چەپ وچی راست، بەشێوەی جیاجیا دێتەپێشەوە، هەندێ جار بەرووداوی خوێناوی، هەندێ جاریش بەشێوەیەکی سەیر وخێرا وبەئاشتیانە، ئەو کاتە بەراپەرینێکی جەماوەری دروێنە دەکرێن. لەواقعێکی تردا کۆتاییان بەرەنجامی کاری ئەو ریفۆرمخوازانەیە کەلەناو دلی نیزامەکەوە سەرهەلدەدەن، کە ئیتر رژێم بەئاشکرا هەموو ئامرازە پێویستەکانی بۆ هێشتنەوەی سیستمی کۆمەڵایەتی لەنزمترین ئاستدا لەدەستداوە .

ئێستا یەك رژێمی تۆتالیتاری نادۆزیتەوە، کە بەواقعی چالاك بێت وهاووڵاتیەکانی تووشی نەهامەتی جەستەیی وروحی زیاتر لەکۆمەڵگەی دیموکراتی نەبووبێت.

تۆتالیتاریزم دەسەلاتێکی بێ سنوور ورەها ببەخشێت بە تاکە کەسێك (کە زۆر جار لەکرداری رەوشتی و روحیەوە) داماڵرابێت، کارەساتێکە، نەك تەنها بۆ ئەو کەسانەی لەژێر چەتری ئەم حکومەتەدان، بەڵکو بۆ هەموو مرۆڤایەتی. لە رابردوویەکی زۆر دوورنا، بەتایبەت لەرۆژەکانی قەیرانی حکومەتی تۆتالیتاری وەك بژاردەیەك دێتە بەرچاو، بژاردەیەکی واتادار بۆ بەشێکی زۆری کۆمەڵگە. کاتێك کە ئەزموونە تاڵەکانی ئەمرۆ فەرامۆش بکرێن، یان کاتێك کە کۆمەڵگە گرفتاری قەیرانێکی چەقبەستوو ببێت، ئەم حکومەتانە رەنگە جارێکی تریش بەشێوەیەکی مەترسیدار بۆ هاولاتیەکانیان ببن بەئەلتەرناتیڤێکی خوازراو.

**سەرچاوە:** شهروند امروز، ژمارە (٤٩)

*بۆیە کەحکومەتە تۆتالیتارەکان بەبێ بوونی پۆلیسی سیاسی، دادگاییکردنی سەرەرۆیانە ، سزا نایاساییەکان، ئۆردوگا زۆرەملێکان ولەسێدارەدانی مرۆڤەکان ناتوانن هەڵبکەن.

*ئەگەر رژێم لەدوای مردنی سەرکردە، یاخود نەوەی دەسەڵاتدارانی پێشوو لەحوکمرانی بەردەوام بێت ولەناونەچێت، حکومەت دەکەوێتە دەستی (کەسە گەندەلەکان) کەبەخێرایی کۆمەڵگە بەرەو دارمانێکی قووڵدەبەن